# فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* ناوی کتێب: فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی

* نووسینی: د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپێست: کۆچەر ئەنوەر

* نەخشەسازی: دلێر ئیبراهیم

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە: هێڤی - هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە.

# پێشەکی

فێربوونی هەر زمانێك، بەندە بە ناسینی شێوە و چۆنیەتی دەربڕینی پیتەکان، بەو واتایەی لە سەرەتای فێربوونی زمان لە بواری نووسیندا، دەبێت بە پیتەکان دەستپێبکەین، ئەمەیان ڕێگەیەکی ئاسان و زانستییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بواری نووسیندا فێری زمانەکە ببێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەگەر کەسێك نووسین و پیتەکان نەناسێت، فێری زمان نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە مرۆڤ بە هۆی ئاخاوتنیشەوە دەشیٚ فێری زمان بێت، بەڵام ئەوەی ئێمە گەرەکمانە بیزانین زمانی نووسینە نەك زمانی ئاخاوتن.

بەداخەوە بەشێك لە قوتابییان و مامۆستایانی زمانی کوردی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بە تەواوی شوێنی پیت و ژمارەی پیت و چۆنیەتی نووسینی پیتەکان نازانن. ئەم کتێبە سەرەتایەکە بۆ ناسین و فێربوونی پیتەکانی زمانی کوردی، چ بۆ قسەپێکەرانی زمانەکە، یاخود بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن، واتە فێری زمانی دووەم ببن.

**د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

**زانکۆی سەلاحەددین/کۆلیژی پەروەردەی بنیات**

# پیتەکانی زمانی کوردی

**(دەنگ)** لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێت.

**(پیت)** وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیاریکراوە و بەهۆی بینینەوە وەردەگیرێ.

**(فۆنیم)** بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێکدەهێن و بە گۆڕان و لابردنیان واتا دەگۆڕن.

فۆنیم لە دەنگ گرنگترە، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە، بۆیە هەموو فۆنیمێك، دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێك، فۆنیم نییە، بۆ وێنە (قیژە، هاوار، قۆڕەی سك، پرخەپرخ، کۆکە...) هەموو دەنگن، بەڵام هیچیان فۆنیم نین[1].

هەر زمانێك ژمارەیەکی تایبەتی لە فۆنیم هەیە، کە لەگەڵ زمانێکی تردا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی (٢٨) دەنگە، کە (١٤) دەنگ کۆمەڵەی ڕۆژە (شمسی) و (١٤) دەنگەکەی تری کۆمەڵەی مانگە (قمری)،

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٨٢.

و دەنگەکانیش بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەشدەکرێن، (٣) دەنگ بزوێن و (٢٥) دەنگ نەبزوێنە.

لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی لە نێوان پیت و دەنگدا دەکرێت، زمانی ئینگلیزی خاوەنی (٢٦) پیتە، کە (٥) پیت بزوێنە و (٢١) پیت نەبزوێنە، بەڵام (٤٤) دەنگی هەیە، کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەکرێن، بزوێنەکانیش بەسەر (بزوێنی تاك دەنگ) و (بزوێنی دوو دەنگ) دابەشدەکرێن، نەبزوێنەکانیش بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن، نەبزوێنە بێدەنگەکان و نەبزوێنە دەنگدارەکان .

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئێستا لە هەموو جیهاندا بەکاردەهبێنرێت، هیچ کامێکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو زمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن و هەموو لە زمانانی ترەوە وەرگیراون . بۆ نموونە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و ئەلمانی و فەرەنسی و زۆربەی زمانەکانی تری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون، لاتینی لە ئیترۆسکانییەوە و ئیترۆسکانی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراون. ئەلفوبێی ڕووسی لە سیریلیکەوە وەرگیراوە و سیریلیکی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە. ئەو ئەلفوبێیەی کە بە عەرەبی ناودەبرێن، لە بنەڕەتدا عەرەبی نییە، لەئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە

سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە، هەمان شت بەجۆرە ئەلفوبێیەکانی تر.[1]

گومانی تێدا نییە، کە گەلی کورد لە ڕێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەم ئەلفوبێیەی وەرگرتووە و وەك نەتەوەکانی فارس و تورك و ئەفغان و .......هتد لەگەڵ زمانەکەی خۆی گونجاندوویەتی، بەجۆرێك ئەو پیتانەی لەگەڵ زمانەکەی دەگونجیَ وەریگرتوون، و ئەوانەی ناگونجێت، پیتی تری لە بەرانبەردا داناون . لەو بیست و هەشت پیتەی زمانی عەرەبی، شەشیان کە بریتین لە (ث، ص، ض، ذ، ط، ظ) بۆ نووسینی کوردی لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێن، بەڵام لە ئاخاوتنی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست و هەورامی دوو سیَ پیت لەو شەش پیتانە بەکاردێن، بەتایبەتی پیتی (ص) لە وشەی وەك (صەد)، بە هەمان شێوە چەند پیتێکی تر لە زمانی کوردیدا هەن بە (شێوە) و (دەنگ) لە زمانی عەرەبیدانین:(پ، چ، ڤ، گ، ژ، ڕ، ڵ)، زمانی عەرەبی تەنها سیَ بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (ا، و، ی)، هەرچی زمانی کوردییە، هەشت پیتی بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (i، ا، ە، یَ، ی، ۆ، و، وو). زمانی عەرەبی(سەر ـ فتحة) و (بۆرە ـ ضمة) و (ژێر ـ کسرة)ی هەیە، ئەوانە تەواو واتای وشە دەگۆڕن، لە بەرانبەردا لە زمانی کوردی لە بریتی ئەم هێمایانەدا، فۆنیم (بزوێن) هەیە، بەم شێوەیە:

---

[1] ـ وریا عومەر ئەمین(د)، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١ ، ٢٠١٢، ل ١٤٦.

ـ لە بریتی سەر، فۆنیمی (ە)بەکاردێ.

ـ لە بریتی بۆر، فۆنیمی (و) بەکاردێ.

ـ لە بریتی ژێر، فۆنیمی (ی) بەکاردێ.

کەواتە زمانی کوردی تەنها ئەو پیتانەی زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کە لەگەڵ پیتەکانی خۆی هاوبەشە و لە ڕووی وشەسازی و دەنگسازی و ڕستەسازییەوەش پەیڕەوی پێکهاتە و سیستەمی زمانی خۆی کردووە. بەمجۆرە بە هاوکاری ئەلفبێی عەرەبی، زمانی کوردی ئەلفبێیەکی کوردی هەیە و سیما و ئەدگارەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ، نەك زمانی عەرەبی.[1]

سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەوە دەنگ و پیت یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو واتایەی ژمارەی پیت یەکسانە بە ژمارەی دەنگ .

زمانی کوردی خاوەنی (٣٧) دەنگە، کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەکرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

## ١ـ پیتە بزوێنەکان

ئەو پیتانەن کە بە ئاسانی لە دەم دێنە دەرەوە و یارمەتی پیتە نەبزوێنەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێنە گوتن و دەربڕین. کەواتە پیتە بزوێنەکان بەهۆی ئەو ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێ و لە دەمدا

---

[1] ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، کوردۆلۆجی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٠٢ـ ١٠٣.

بەبێ هیچ کۆسپ و بەرهەڵستییەك دێتە دەرەوە.[1]

ژمارەی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا (٨) پیتە، کە (٧) پیتیان لە ڕێنووسی کوردی وێنەیان هەیە، بەڵام (بزرۆکە ـ i) لە ڕێنووسی کوردی وێنەی نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕێنووسی لاتینی وێنەی هەیە و دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێنووسی کوردیدا وەك پیتێك هەژمار دەکرێت.

بزرۆکەش ئەو کورتە دەنگەیە، کە دەکەوێتە نێوان دوو نەبزوێن، واتە لە ئەنجامی گواستنەوەی شوێنی دروستبوونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دووەم لەناو دەمدا، نەختێك هەوا دەردەچێ و ئەم بزرۆکەیە دروست دەکات. بۆ نموونە لە وشەی (من)دا، هەردوو دەنگی /م/ و /ن/دا هەوا لە لووت دەردەچێ، بەڵام لە /م/دا جووتبوونی لێوەکان ڕێگە لە هەوای دەم دەگرێ و لە /ن/دا جووتبوونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشوو ڕێگەی هەوای دەم دەگرێ، بەڵام تا قسەکەر لێوەکان لێکدەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشوو، نەختێ هەوا لەمیانی ئەو کرداری ڕاگوێزانەوە دزەدەکات و لە دەم دەچێتە دەرەوە، بەم بڕە هەوایە، بزرۆکە دروست دەبێت. ئەم بڕە هەوایەش ئەگەر لە نێوان دوو دەنگی کپ بێت، وەکو: (خت، کش، چك، پف، کپ،... هتد) بە کپی دەردەچێ و ئەگەر لەنێوان دوو دەنگی گڕ بێ، بە گڕی دەردەچێ، وەك:(من، ژن، گڤ، بن، کن،...هتد).[2]

---

[1]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٢٤.

[2]ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ(د)، بە کام ئەلفوبێ بنووسین، توێژینەوەکانی کۆنفڕانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٨ ـ ٩٩.

پیتە بزوێنەکانیش بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێن، بەمشێوەیە:

أ ـ بزوێنی کورت: ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان نزم و کورتن و ژمارەیان (٣) پیتە، کە بریتین لە:(i ، ە، و).

ب ـ بزوێنی درێژ: ئەو بزوێنانەن، کە لە درکاندندا دەنگەکانیان بەرز و درێژن و ژمارەیان (٥) پیتە، کە بریتین لە:(ا، وو، ۆ، ی، ێ).

ئەم پیتانە لە زمانی کوردیدا ناکەونە سەرەتای وشە و بڕگەوە، بەڵکو دەخرێنە پاڵ پیتە نەبزوێنەکان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بە ئاسانی لە (گەروو) و (دەم)ەوە بێنە دەرەوە.

## ٢ـ پیتە نەبزوێنەکان

ئەو پیتانەن کە لە دەربڕین و ئاخاوتندا گرانن و نایێنە دەرەوە، بەڵکو هەمیشە بە یارمەتی پیتە بزوێنەکانەوە لە دەم دێنە دەرەوە.

ئەم دەنگانە لە دەربڕیندا هەندێ لە ئەندامانی ناو دەم لەیەکتر نزیك دەبنەوە و دەبنە بەرهەڵست بۆ ئەو ڕەوتە هەوایەی لە سییەکانەوە دێت، لە ئەنجامدا، لە دەربازێکەوە دێنە دەرەوە.[١]

واتە نەبزوێن دەنگێکە سازگەیەکی دیاریکراوی هەیە لەگەڵ درکێنەرێکی دیاریکراودا، هەروەها لەکاتی درکاندنیدا جۆرە تەگەرەیەك یان داخستن و کرانەوە دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە.[٢]

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ل ٣٥.

[٢]ـ تالیب حوسێن عەلی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ ل٣٦.

پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان (٢٩) پیتە، کە ئەمانەن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئـ | ف | س | ك | و |
| ب | ق | ش | گ | ی |
| ت | ڤ | ر | ل | |
| پ | ح | ڕ | ڵ | |
| ن | خ | د | ع | |
| م | ج | ژ | غ | |
| هـ | چ | ز | | |

# پیتی ﴿ ئـ ﴾ هەمزە

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، بەڵام بە زۆری لە سەرەتای وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (قورگییە)، لە بەشی دەرەوەی قورگدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی /ئـ/ دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی /ء/ دەنووسرێت، وەك:

ئەحمەد، ئاگر، ئاو، ئوتو، ئاسمان، ئاسۆ، دەئاخێوێ، بئاخێوە، قورئـان، نەء،........هتد.

ئـ ئـ ئـ ئـ ئـ ئـ ئـ ئـ ئـ

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................



ئەسپ



ئاگر




ئوتو



ئاو



ئاسمان

# پیتی ﴿ أ ﴾ ئەلیف

پیتێکی بزوێنە، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

ئەم پیتە لە هەردوو شوێندا لە شێوەی / ا / دەنووسرێت، وەك:

ئـازاد، بالیف، کـارزان، ڕووخـا، سـوتا، ئافــرەت، چــرا، زار، زمـان، مـار، چیا... هتد.

أ أ أ أ أ أ أ أ أ

.......................................................................................................................

.......................................................................................................................

.......................................................................................................................

.......................................................................................................................

.......................................................................................................................




مار



چیا



کراس



زمان

# پیتی ﴿ ب ﴾ بێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگـە لـە دەربڕینـدا دەنگێکـی (لێوییـە)، و لـە دەربڕینـدا هـەردوو لێـو هاوبەش دەبن و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

ئــەم پیتــە لــە ســەرەتا و ناوەڕاســتی وشــەدا، لــە شــێوەی / بــ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ب / دەنووسرێت، وەك:

باران، بەلەم، بامیە، با، بزن، کەباب، بیبەر، ئاب، بەرخ، بەراز،... هتد.

ب ب ب ب ب ب ب ب ب


..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................

..............................................................................................................................


..............................................................................................................................



بزن



بامیە




بەلەم



بیبەر



کەباب

# پیتی ﴿ پ ﴾ پێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، و لە کاتی دەربڕینیدا هەردوو لێـو هاوبەش دەبن و دەنگێکی وەستاو و کپە.

ئـەم پیتــە لــە ســەرەتا و ناوەڕاســتی وشــەدا لــە شــێوەی / پــ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / پ / دەنووسرێت، وەك: پشیلە، پڵینگ، پەری، پشتێن، پێنج، گەپ، تۆپ، پسوولە، پۆستە، پـێ، پارە، پەپوولە، پەرداخ، پێنووس، پیاز... هتد.

پ پ پ پ پ پ پ پ پ



تۆپ



پرتەقال




پارە



پڵینگ



پیاز

# پیتی ﴿ت﴾ تێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی دەربڕینیـدا زمـان بـەرەو پێشەوە دەچێت، دەنگێکی وەستاو و کپە.

ئــەم پیتــە لــە ســەرەتا و ناوەڕاســتی وشــەدا لــە شــێوەی / تـــ/ دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی /ت/ دەنووسرێت، وەك:

ترێ، تەوەر، تەکسی، تـۆپ، تـاوس، ئاوێتـە، تەماتـە، تەختـە، تەباشـیر، تەرازوو... هتد.

ت ت ت ت ت ت ت ت ت



تیمساح




تەکسی



ترێ




تاوس



تەماتە

# پیتی ﴿ ج ﴾ جیم

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەلاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەك و گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / جـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ج / دەنووسرێت، وەك: جەبار، برنج، پەنجە، تاج، جاڵجاڵۆکە، جزدان، جام، جەرگ، جگەرە، جوچکە، جۆ... هتد.

ج ج ج ج ج ج ج ج ج



مەنجەڵ



جگەرە



تاج



جوچکە



جۆ

# پیتی ﴿چ﴾ چ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەڵاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / چـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / چ / دەنووسرێت... هتد. وەك:

چاپخانە، چاپەمەنی، چا، گەچ، قالۆچە، ورچ، چەقۆ، کەوچك، چاو، چەتر، چوکلێت، قاچ... هتد.

چ چ چ چ چ چ چ چ چ



چا



چیا



چاو



چوکلێت



ورچ

# پیتی ﴿ ح ﴾ حێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە بەشی سەرووی ئەوکدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / حـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ح / دەنووسرێت، وەك: حاجی، حەج، حوشتر، حیزب، حەیزەران، حکومەت، حەب، ساڵح، حەلوا... هتد.

ح ح ح ح ح ح ح ح ح



حوشتر



حەج




حەب

# پیتی ﴿ خ ﴾ خێ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ لە پەیدابوونیدا دەبینێ، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / خـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / خ / دەنووسرێت، وەك: خەیار، خۆخ، بۆینباخ، کۆخە، خاولی، چەرخ، مەتبەخ، خوشك، پەرداخ، خانوو، بەرخ، خەسوو... هتد.

خ خ خ خ خ خ خ خ خ

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................



خۆخ



خاولی



خانوو

# پیتی ﴿ د ﴾ دال

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، و لەکاتی دەربڕینیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / د / دەنووسرێت، وەك:

دەرزی، دەم، دەرگا، ددان، دڵ، دارستان، بەرد، درەخت، دراو، سارد، پەردە، دێ، دەهۆڵ... هتد.

د د د د د د د د د


............................................................

............................................................


............................................................

............................................................

............................................................




دهۆك



دڵ



درەخت

# پیتی ﴿ ر ﴾ ڕێ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی لەرزۆك و گرە.

ئەم پیتە لە هەر دوو شوێندا لە شێوەی / ر / دەنووسرێت، وەك:

بەرد، کار، کۆتر، مێرووله، سارد، پـار، لار، بـار، دار، زار، کورسـی، مـار، دەروون... هتد.

ر ر ر ر ر ر ر ر ر

..........

..........


..........

..........

..........



دار



کۆتر



کورسی

# پیتی ﴿ ڕ ﴾ ڕێ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێ، و دەنگێکی لەرزۆك و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / ڕ / دەنووسرێت، وەك:

ڕێوی، ڕزگار، ڕاستی، ڕووداو، ڕەنگ، کەڕ، زوڕنا، ڕەز، ڕەش، ڕەشەوڵاخ، ڕۆژ، پەڕ، فڕۆکە، ڕۆژنامە... هتد.

ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................


..................................................



ڕۆژنامە



ڕێوی



ڕووبار

# پیتی ﴿ ز ﴾ زێ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / ز / دەنووسرێت، وەك:

زانکۆ، زاخۆ، زەریا، زەرد، زستان، زگماك، زێ، زێڕ، بەراز، ڕەز، دز، مۆز، زەوی، زەیتوون، زمان... هتد.

ز ز ز ز ز ز ز ز ز

..............................................................................................................

..............................................................................................................

..............................................................................................................

..............................................................................................................

..............................................................................................................



مۆز



زێڕ



زەیتوون

# پیتی ﴿ ژ ﴾ ژێ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.

ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / ژ / دەنووسرێت، وەك:

ژەهر، ژن، ژوور، ژیان، ژێر، ژینگە، دژ، ژان، ڕۆژ، پەیژە، مێـوژ، بـرژانگ، ژیر، ژێرخان،... هتد.

ژ ژ ژ ژ ژ ژ ژ ژ ژ

..............................................................................

..............................................................................

..............................................................................

..............................................................................

..............................................................................



مێوژ



ژان



پەیژە

# پیتی «س» سین

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / سـ/ دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / س / دەنووسرێ.وەك:

سەرما، سوور، سەوز، سەگ، سێو، داس، باس، دەست، پاس، پەست، سوپا، سولاوك، سیواك، سیمکارت، سینی،... هتد.

س س س س س س س س س

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................

........................................................................................................................


........................................................................................................................



سەگ



سێو



داس

# پیتی /ش/ شین

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / شـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ش / دەنووسرێ.وەك: شاخ، شین، شار، شەربەت، شەقام، شووشە، مێش، ڕیش، پشیلە، ڕەش، شوفێر،... هتد.

ش ش ش ش ش ش ش ش ش



پشیله



شووتی



شەربەت

# پیتی «ع» عەین

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت، بەڵام بە زۆری لە سەرەتای وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / عـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ع / دەنووسرێ، وەك:
عەبا، عەلاگە، عەینەك، عەنتیکە، عوود، مەعجوون، عەلەشیش، عەرەب، عەتار، عەرەبانچی، عەمبار، شیعر، قانیع، نەعناع.....هتد.

ع ع ع ع ع ع ع ع ع

.................................................................

.................................................................

.................................................................


.................................................................



مەعجوون



عوود



عەلەشیش

# پیتی ﴿ غ ﴾ غەین

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانـە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.

ئــەم پیتــە لــە ســەرەتا و ناوەڕاســتی وشــەدا لــە شــێوەی / غــ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / غ / دەنووسرێت. وەك:

غەمگین، غاردان، غەم، قەباغ، تیغ، غارغارێن، ولاغ، غەزەل،... هتد.

غ غ غ غ غ غ غ غ غ

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................



غاردان



غەزەل



غەمبار

# پیتی ﴿ف﴾ فێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لەکاتی درکاندنیدا لێو و ددان هاوبەش دەبن، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / فـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ف / دەنووسرێت، وەك:

فرمێسك، فیل، فانۆس، فەردە، فاسولیا، فەرش، فـەرموودە، فەرهـەنگ، فڕنی، فرۆشگا، لەفە، دەف، لیفکە، کەف،... هتد.

ف ف ف ف ف ف ف ف ف

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................



فڕنی



فرۆشگا



فیل

# پیتی ﴿ ڤ ﴾ ڤێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لەکاتی درکاندنیدا لێو و ددان هاوبەش دەبن، و دەنگێکی وەستاو و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / ڤـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ڤ / دەنووسرێت، وەك: ڤینۆس، ڤین، لاڤە، ڤایرۆس، هێڤی، ڤاڵا، لڤین، ڤانۆ، ڤیان، ڤەژین، گۆڤار، بڤە، تاڤگە، مرۆڤ......هتد.


ڤ ڤ ڤ ڤ ڤ ڤ ڤ ڤ ڤ




گۆڤار



مرۆڤ



تاڤگە

# پیتی ﴿ ق ﴾ قاف

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (قورگییە)، لە پەیدابوونیدا زمانە بچکۆلە دەورێکی گرنگ دەبینێ، و دەنگێکی وەستاو و کپە.

ئـەم پیتـە لـە سـەرەتا و ناوەڕاسـتی وشـەدا لـە شـێوەی / قــ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ق / دەنووسرێت، وەك: قاوەیی، قات، قاپ، قاز، قەساب، قەشە، دەق، مقەس، چقڵ، بۆق، قەرز، قەڵا، قژ، قوڕ، قوڕگ،... هتد.

ق ق ق ق ق ق ق ق ق

.................................................................................................

.................................................................................................


.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................



قاز



قەساب




قەشە

# پیتی ﴿ ك ﴾ کاف

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو دواوەی مەلاشوو دەچێت و دەنگێکی وەستاو و کپە.

ئـەم پیتـە لـە سـەرەتا و ناوەڕاسـتی وشـەدا لـە شـێوەی / کـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ك / دەنووسرێت، وەك: کات، کاتژمێر، کابان، کارگە، کۆتر، کاڵەك، کەوچك، بـووك، نـووك، خـاك، کار، کانزا، کەباب... هتد.

ك ك ك ك ك ك ك ك ك

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................



کێک



کراس



کەباب

# پیتی ﴿ گ ﴾ گاف

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕینیدا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو دواوەی مەڵاشوو دەچێت و دەنگێکی وەستاو و گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / گـ / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / گ / دەنووسرێت، وەك:

گا، گاز، گەڕەك، گەردوون، گەرما، گەڵا، گەنم، گەوهەر، گوریس، گوڵاو، گوێز، گێلاس، گوڵ، تاقگە، نێرگز،... هتد.

گ گ گ گ گ گ گ گ گ



گوێز



گوڵ



گەنم

# پیتی ﴿ ل ﴾ لام

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بە پووکی سەرەوە دەنووسێت و دەنگێکی گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / لـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ل / دەنووسرێت، وەك: لاستیك، لەش، لەزگە، لـەك، لـەڕ، لـەرزۆك، لـووت، لیفکە، لۆکە، لیمۆ، هێلکە، لێو، عەلەشیش،... هتد.

ل ل ل ل ل ل ل ل ل



لێو



لیمۆ



لووت

# پیتی ﴿ ڵ ﴾ ڵام

پیتێکی نەبزوێنە، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگـە لـە دەربڕیندا (زارییە)، لە کاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بـە پووکی سەرەوە دەنووسێت و دەنگێکی گڕە.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / ڵـ / دەنووسرێت، بـەڵام لـە کـۆتایی وشــەدا لە شێوەی / ڵ / دەنووسرێت، وەك:

پێڵاو، کڵاو، لێڵ، جاڵجاڵۆکـە، بـاڵ، خـاڵ، مـاڵ، سـاڵ، سمـێڵ، خـۆڵ،... هتد.

ڵ ڵ ڵ ڵ ڵ ڵ ڵ ڵ ڵ

................................................................................

................................................................................

................................................................................

................................................................................


................................................................................



ماڵ



سمێڵ



جاڵجاڵۆکە



منداڵ

# پیتی ﴿ م ﴾ میم

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئـەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییـە)، لـەکاتی دركاندنیـدا هـەردوو لێـو بەشدار دەبن، و دەنگێکی لووتییە و گڕە.

ئــەم پیتــە لــە ســەرەتا و ناوەڕاســتی وشــەدا لــە شــێوەی / مــ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / م / دەنووسرێت، وەك: ماتۆڕ، ماستاو، میوە، مامز، ماسی، مۆز، مۆر، ماجیك، ماچ، مام، مـانگ، سـمۆرە، گەنـم، سـمێڵ، مۆم، مراوی، مرۆڤ، مار، ماڵ،... هتد.

م م م م م م م م م

.............................................................................................................................

.............................................................................................................................


.............................................................................................................................

.............................................................................................................................

.............................................................................................................................



ماسی



مانگ



مامز

# پیتی ﴿ ن ﴾ نوون

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و بە پووکی سەرەوە دەنووسێ، و دەنگێکی لووتییە و گڕە.

ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / نـ / دەنووسرێت، بەڵام لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ن / دەنووسرێت، وەك: نانەوا، نایاب، نەخۆش، نەرم، نەمام، نەفەر، نەوت، نرخ، نەورۆز، شوان، ئاوێنە، باران، سنوور، نافورە، نارنجۆك،... هتد.

ن ن ن ن ن ن ن ن ن

.............................................................................................

.............................................................................................

.............................................................................................

.............................................................................................

.............................................................................................



نانەوا



نافورە



گەنم


# پیتی ﴿ هـ ﴾ هێ

پیتێکی نەبزوێنە، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (ئەوکییە، قورگییە)، لە بەشی خوارووی ئەوکدا پەیدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆك و کپە.

ئەم پیتە لە سەرەتای وشە و بڕگەدا لە شێوەی / هـ / دەنووسرێت، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ـهـ / دەنووسرێت، وەك:

هەڵمەت، هێز، هاوکار، هاژە، هەتاو، هاوسەر، هاوسەنگ، هاوین، هەنجیر، هەرمێ، بەهار، بەهێ، بهاوێژە، بێهێز ... هتد.

هـ هـ هـ هـ هـ هـ هـ هـ هـ



هەتاو



هێز



هەنجیر

# پیتی ﴿ ە ﴾ ئە

پیتێکی بزوێنە، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی کورتە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / ـە / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ە / دەنووسرێت، وەك:

بەهار، وادە، سادە، جادە، ماددە، وەرز، وەزیر، وەستا، وەرگێڕ، کەو، دەم، بەڕە، سمۆرە، کەلەشێر،... هتد.

ە ە ە ە ە ە ە ە ە

..................................................................................................

..................................................................................................

..................................................................................................

..................................................................................................

..................................................................................................



سمۆرە



کەلەشێر




وەستا

# پیتی «ۆ» ئۆ

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەك نزیك دەبنەوە و خڕ دەبن.

ئەم پیتە لە هەردوو شوێندا لە شێوەی / ۆ / دەنووسرێت، وەك:

خۆل، کۆتر، هێرۆ، برۆ، نەهرۆ، درۆ، تۆپ، بۆق، گۆڤار، مرۆڤ،...هتد.

ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................

..................................................



تۆپ



کۆتر



مرۆڤ

# پیتی ﴿و﴾ ئو

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەربڕیندا دەنگێکی (لێوییە)، لە دركاندنیدا هەردوو لێو کاردەکەن، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.


ئەم پیتە لە هەر سێ شوێندا لە شێوەی / و / دەنووسرێت، وەك:

دێو، سێو، لێو، جوان، شوان، کاوە، وشە، وریا، وەرە،ڕەوا، دوا، پەروێز، سوا، نەوا، سەوا، زاوا...هتد.

و و و و و و و و و



چاو



هەتاو



ئاو



لێو

# پیتی ﴿ و ﴾ ئو

پیتێکی بزوێنە، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی کورتە، لە کاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەك نزیك دەبنەوە و خڕ دەبن.

ئەم پیتە لە هەردوو شوێندا لە شێوەی / و / دەنووسرێت، وەك:

گوڵ، دوڕ، گورگ، کورد، کوردستان، لوڕ، کوڕ، کورسی، شیو، فریو، خوڕت، نافورە، زوڕنا .....هتد.

و و و و و و و و و



گوڵ



کورسی



گورگ



دوڕ

# پیتی « وو » ئوو

پیتێکی بزوێنە، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو پێشەوە دەچن و لە یەك نزیك دەبنەوە و خڕ دەبن.


ئەم پیتە لە هەردوو شوێندا لە شێوەی / وو / دەنووسرێت، وەك:

دوو، ڕوو، زوو، خانوو، دەزوو، مۆروو،...هتد.


وو وو وو وو وو وو وو وو وو



خانوو




دوو



دەزوو

# پیتی ﴿ ی ﴾ ئی

پیتێکی بزوێنە، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / یـ / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ی / دەنووسرێت، وەك:

هەویر، پەنیر، زیو، ڕیش، فیل، پشیلە، شین، ئوتی، بیبەر، فیزا، ماسی، دەرزی، فڕی، نێری، یاری، سەرین،...هتد.

ی ی ی ی ی ی ی ی ی



پەنیـر



فیل



بیبەر

# پیتی ﴿ ی ﴾ ئی

پیتێکی نەبزوێنە، ئەم پیتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. ئەم دەنگە لە دەبڕیندا دەنگێکی (زارییە)، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێ، و دەنگێکی خشۆك و گڕە.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / یـ / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ی / دەنووسرێت، وەك:

چیا، یەك، یەکپۆش، پە یـ ژە، بۆ یـ نباخ، قەیـسی، پیـاز، مەیـموون، پاییز،ئەی ، ئای ، وەی.....هتد.

ی ی ی ی ی ی ی ی ی



چیا



پیاز



پەیژە

# پیتی ﴿ ێ ﴾ یێ

پیتێکی بزوێنە، ئەم پیتە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دێت. بزوێنێکی درێژە، لەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن.

ئەم پیتە لە ناوەڕاستی وشەدا لە شێوەی / ێـ / دەنووسرێت، لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی / ێ / دەنووسرێت، وەك:

سێو، مێش، کێك، مێروو، هێرۆ، سمێڵ، ئاوێنە، دێ، ڕێ، زێ، ترێ، شێر، پێ،...هتد.

ێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ ێ

........................................................................

........................................................................


........................................................................

........................................................................


........................................................................



سێو



شێر



مێش

# پیتی ﴿ i ﴾ بزرۆکە

پیتێکی بزوێنە، تەنیا لە ناوەڕاستی وشەدا دێت، بەڵام لە بڕگەدا لە کۆتایی بڕگەدا دێت. بزوێنێکی کورتە، لەکاتی درکاندنیدا زمان لە ناوەڕاستی دەمدا دەبێت و هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جودا دەبنەوە.

لە ڕێنووسی کوردیدا وێنە و نیگاری نییە، بەڵام لە ڕێنووسی لاتینیدا لە شێوەی / i / دەنووسرێت. وەك: ژن، من، کن، بن، دڵ، زل، لم، سك، گڤ.....هتد.

i i i i i i i i i

................................................................................................

................................................................................................

................................................................................................

................................................................................................

................................................................................................



دڵ



لەبن



سک



**د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

١٩٧٨/٣/١٨ لە هەولێر لەدایکبووە.

ـ ١٩٩٠ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (گلکەند) لە شاری هەولێر تەواوکردووە .

ـ ١٩٩٤ خوێندنی ناوەندیی لە قوتابخانەی (سالح یووسفی) لە شاری هەولێر تەواوکردووە .

ـ ١٩٩٧ ئامادەیی لە قوتابخانەی ( ئازادی ) لە شاری هەولێر تەواوکردووە.

ـ ٢٠٠١ بە پلەی باشە بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووە.

ـ ٢٠٠٣ بە پلەی نایاب بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە .

ـ ٢٠٠٦ بە پلەی زۆرباشە ماستەری لە بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە .

ــ ٦/١٦/ ٢٠١٢ دکتۆرای لە بەشی کوردی زانکۆی کۆیە تەواوکردووە .

ـ سەرنووسەری گۆڤاری (زمانناسی)یە.

ـ جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی زمانناسییە.

ـ تا ئێستا (٣٦) کتێبی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و مێژوو داناوە .

ـ تا ئێستا (٢٨٠) وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و عێراق بڵاوکردۆتەوە .

ـ ئێستا ئەم کتێبانەی ئامادەن بۆ چاپ :

١ـ ڕێنووس و خاڵبەندی ٢ـ واتاسازی و پراگماتیك ٣ـ وەرگێڕان ٤ـ وشەسازی ٥ـ فەرهەنگی زاراوەکانی زمانەوانی ٦ــ زاراوەسازی ٧ــ زمانەوانی تیۆری ٨ــ زمانەوانی کارەکی ٩ــ ڕستەسازی (کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست) ١٠ــ ڕێزمانی بەراورد ١١ــ ڕێزمانی قوتابخانەکان ـ بەرگی یەکەم ١٢ــ ڕێزمانی قوتابخانەکان ـ بەرگی دووەم ١٣ــ ڕێزمانی قوتابخانەکان ـ بەرگی سێیەم ١٤ـ چەند لایەنێکی بەراوردی ڕێزمانی کوردی و عەرەبی ١٥ــ چەند لایەنێکی بەراوردی ڕێزمانی کوردی و ئینگلیزی